پیاوێک سورەتی -الکهف-ی دەخوێند، وئەسپەکەی بە دوو گوریس بەستبووەوە

لە بەرائی کوڕی عازیبەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک سورەتی -الکهف-ی دەخوێند، وئەسپەکەی بە دوو گوریس بەستبووەوە، هەورێک سێبەری بۆی دروستکرد، ولێی نزیک بووەوە، وئەسپەکەی زۆر ناڕەحەت بوو (لە ترسی ئەم هەورە)، سبەی پیاوەکە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەی بۆی باسکرد، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرموو: «ئەوە سەکینەتە (ئارامییە) بەهۆی (خوێندنی) قورئانەوە دادەبەزێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

بەرائی کوڕی عازیب -ڕەزای خوایان لێبێت- باسێکی سەیر دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوویدا، پیاوێک سورەتی -الکهف-ی دەخوێندەوە؛ ولە تەنیشتی ئەسپەکەی بە گوریس بەستبووەوە، لەو کاتەدا هەورێک وەکو سێبەر دایپۆشی؛ ولێی نزیک بووەوە، ئەسپەکە زۆر ناڕەحەت بوو (لە ترسی ئەم هەورە)، سبەی پیاوەکە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەی بۆی گێڕایەوە، پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە ئەوە سەکینەتە (ئارامییە) بەهۆی (خوێندنی) قورئانەوە دادەبەزێت، ئەمیش وەکو ڕێزلێنانێک لەم هاوەڵە کە قورئانی دەخوێند، وشاهێدی دانێک لە لایەن خوای گەورە لەسەر ئەوەی قورئان ڕاستی وهەقە و وتەی خوای گەورەیە. وئەم هاوەڵە ناوی ئوسەیدی کوڕی حوزەیر (أُسيد بن حُضير) بوو -ڕەزای خوای لێبێت-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6178